# سیاسەتی حزبە کوردییەکان لەسەر ئەم بارودۆخە روون نییە



Source: Roji Welet & Kurdistanpost.com

2014-06-26

مستەفای حەسەنە گەورە:

لە سەرانی پارتی رانابینم سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکەن"

مستەفای حەسەن گەورە، ناوێکی دیار لەناو راگەیاندن و رەخنەگرانی کوردا، ئەو ئەگەر چی ساڵانێك لە شاخەکانی کوردستان پێشمەرگە بووە، بەڵام یەکێکە لەو کەسانەی لە رێگەی نوسینەکانیەوە زۆرترین رەخنەی لەوانە گرتووە کە پێکەوە پێشمەرگە بوون و ئێستا فەرمانڕەوای ئەم هەرێمەن.

مستەفای حەسەن گەورە، وەك خۆی وتی، پێی بوترێت نوسەر و رۆژنامەنووس، لەم چاوپێکەوتنەی گۆڤاری (رۆژی وڵات)دا، کە ئێوارەی (16)ی ئەم مانگە لەگەڵیدا سازکراوە، باس لە بارودۆخی ئێستای ناوچە داپراوەکان و هێرشەکانی داعش و سیاسەتی یەکێتی و پارتی دەکات و هاوشێوەی ئەو رایە گشتییەی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە، داوا دەکات بە هیچ شێوەیەك پێشمەرگە ئەو ناوچانە چۆڵ نەکاتەوە کە خاکی کوردستانن و پێشتر پێیان دەوترا ناوچە کێشە لە سەرەکان، یان ناوچە داپراوەکان.

ئەو کە ساڵانێك لە ئەوروپا ژیاوە و بەڵام ئێستا هاتوەتەوە کوردستان، رەخنە لە سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەگرێت و سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی پێ راسترە، بەڵام دەشڵێت تا ئێستا سیاسەتی حزبە کوردییەکان لەسەر ئەم بارودۆخە روون نییە.

ئا/ رۆژی وڵات

ـ سەرەتا دەپرسین خوێندنەوەت چییە بۆ هێرشەکانی داعش و بارودۆخی ئێستا ئێراق؟

* سەرەتا ئەمەوێت لەوەوە دەستپێبکەم سەری رێز و نەوازش بۆ ئەو پێشمەرگە شەهیدانە دادەنەوێنم کە لە رووبەڕووبوونەوەکانی ئەم چەند رۆژەدا شەهید بوون، کە لەپێناو ناوچە داگیرکراوەکان شەهید بوون، هەروەها سەری رێز و نەوازش بۆ ئەو قوربانیانە دادەنەوێنم کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە داعش کۆمەڵکوژی کردن، بە راستی کارەساتی گەورە بوو.

هەڵەبەتە گێڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان، ئەوەی کە پێی دەڵێن ناوچە داپراوەکان، خەونی هەموو تاکێکی کوردە، داواکاری خەڵکی هەر چوار پارچەکەی کوردستانە، دەبوایە زۆر لە مێژبوایە ئەو ناوچانە بگەڕێنرایانەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1991 دەرفەتێك هاتە پێشەوە، لە دوای راپەڕینە جەماوەرییەکە، بەڵام بە داخەوە سیاسەتی هەڵەی یەکێتی و پارتی، بە تایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو هەلەی لە دەستدا.

جارێکی تر هەمان هەل لە ساڵی "2003" دووبارە بوویەوە لە دوای رووخانی رژێمی سەدام، من ئەو کاتە دژی مادەی "58" و مادەی "140" بووم کە بۆ ئەو ناوچانە دانران، ناکرێ ماڵی خۆت بخەیتە راپرسیەوە.

ـ ناردنی پێشمەرگە بۆ ناوچە داپڕاوەکان و هەبوونی پێشمەرگە لەوێ چۆن لێکدەدەیتەوە؟

* ناردنی پێشمەرگە لە ئێستادا بۆ ئەو ناوچانە مافێکی رەوای خەڵکی هەرێمی کوردستانە و جێگەی دەستخۆشییە، لەبەرئەوەی ئەو هێرشەی داعش کردی بۆشاییەکی ئەمنی و سەربازی دروستکرد، کە مەترسییەکی گەورەی دەبوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بیریشمان نەچێت ئەو ناوچانەی کە داگیرکراون، یان داپڕاون، هەزارەها خێزانی کوردی لێیە، کە چەندین ساڵە لەژێر سایەی حکومەتێك کە ناویان ناوە حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ململانێی سیاسی ئەو دوو حکومەتە ئەم خەڵکەی کردووەتە قوربانی، ماڵیان تەقێنراوەتەوە، ناسنامەی کوردیان لێسەنراوەتەوە، ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، ئەمە مافێکی رەوای خەڵکی هەرێمی کوردستانە، با هیچ هێزێك لە هێزەکان نەیکەنە مزایەدە، هەبوونی پێشمەرگە لەوێ زۆر گرنگە و خەڵکی کوردستان ئەوەی دەوێت، پێشمەرگەیەك دوو مانگە مووچەی وەرنەگرتووە، بەڵام ئامادەیە ماڵ و منداڵی جێبهێڵێت و بەرگری لە کوردستان بکات، ئەم هەستە مرۆیی و نەتەوەییەی کە لای پێشمەرگەیەکی کورد هەیە، بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە کە دەیەوێت ئەم ناوچانە بگەڕێنەوە.

ـ خوێندنەوەت چییە بۆ هێرشەکانی داعش، ئایا لە خۆیەوە پەیدا بوو، یان پیلانێکە و کۆمەڵێك وڵات پشتگیری دەکەن؟

* بە دڵنیاییەوە پیلانە، پیلانی ناوخۆیش هەیە و پیلانی دەرەکیش هەیە، وڵاتانی وەکو سعودیە و قەتەر و کۆنە بەعسییەکان لە پشتین، داعش چەند ساڵێکە لە سوریا دژایەتی شۆرشی کورد دەکەن، بە تایبەتی دژایەتی پەیەدە و کانتۆنەکان و شۆرشی رۆژئاوا دەکەن، بەڵام هێزێکیش هەیە لە کوردستان پێی دەڵێن پارتی، هاوکاری ئەو هێزە دەکات داژایەتی رۆژئاوا بکات.
کەواتە کێشمەکێشمی نێوان مالیکی و بارزانی، بە تایبەتی هەڕەشەکانی ئەم دوایەی بارزانی پێش سەفەرەکەی کە دەڵێت، کارێکی وات بەسەر دەهێنین، کە خۆت نەزانیت چییە، ئەمانە هەموو خوێندنەوەیان بۆ دەکرێت، من لە سەدا سەد دڵنیا نیم، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریەی کە دەستم کەوتووە، کۆبوونەوە لەنێوان پارتی و داعش کراوە، جۆرە رێکەوتنێك هەبووە بۆ تۆڵەکردنەوە لە مالیکی، واتە بە کورتی ئەمجارە "31"ی ئابێکی دیکە دروست بووەتەوە، بەڵام ئەمجارە دژی پەرلەمانی کوردستان نییە، بەڵکو دژی مالیکییە، بەڵام ئەوەش جارێکی تر دژی خەڵکی کوردستانە.

ـ ئەگەر شتێکی وا بێ، کە تۆ دەڵێی نزیکایەتییەك لەنێوان پارتی و داعش هەیە دژی مالیکی، ئایا ئەمە بیانو ناداتە دەست شیعەکان کە هێرش بکەنە سەر کوردستان بە بیانوی ئەوەی هێزێکی کوردی پشتیگری داعشی کردووە؟

* بە دڵنیاییەوە ئەمە ململانێکان قوڵتر دەکاتەوە، هەڵبەتە مێژووی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێراق وابووە، چەند ساڵێکیشە مالیکی شکستی خواردووە، بەڵام ئەم شکستە تازەیە ئەوە دەسەلمێنێ تازە ئەم سێ پێکهاتەیەی کورد و شیعە و سونە ناتونن بە یەکەوە بژینەوە، ئەوەی کە ناویان ناوە حکومەتی فیدراڵ و دیموکرات و ... هتد، هەمووی کەوتە ژێر پرسیارەوە.
بۆچی داعش لە ناوچە سونیەکان خەڵك پێشوازیان لێدەکات، بۆچی خەڵك سوپای ئێراقی بەر بەرد داوە، بەڵام پێشوازی لە داعش کردووە، لەگەڵ ئەو هەموو شێتی و ئەو هەموو دڕندایەتی داعش لە خەڵکی ئەو ناوچانەی کردووە، هەر لە دەستدرێژی بۆ سەر ژنان تا داخستنی دەلاکخانەکان،

بەهۆی سیاسەتەکانیانەوە خەڵکی ئێراق بۆ هەزار ساڵ بۆ دواوە دەگەڕێننەوە، کوشتنی "1700" خوێندکار، گەورەترین کارەساتە کە داعش کردوویەتی، میدیا جیهانییەکانیش سەریان سورماوە.
ئەگەر پارتی و مەسعود بارزانی پەیوەندیان لەگەڵ داعش هەبێ، ئەوا ئۆباڵی هەموو ئەو خوێنە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانیش، هەروەها ئەو هەڕەشانە شیعەکان کردیانە سەر کوردستان و دژی بارزانی، هەڵبەتە حەدیان نییە هەڕەشە لە کورد بکەن، چونکە کورد شتێکی ناڕەوایان نەکردووە، ئیتر بۆچی باجی هەڵەیەکی سیاسی بدەین.
هەڵبەتە بەرەکانیش جیاوازن، ئەوەی لە دەووروبەری موسڵ دەگوزەرێت لە دەورووبەری کەرکوك و جەلەولا شتێکی دیکەیە.

ـ کەواتە لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان سیاسەتی یەکێتی و پارتی لە ئێستادا لە ناوچە داپراوەکان؟

* بە دڵنیاییەوە بە درێژایی مێژووی یەکێتی و پارتی، ناکۆکیان هەبووە و سیاسەتیان جیاواز بووە، تورکیا، سعودیە، داعش، پارتی، ئەمە قۆڵێکن، شیعە و یەکێتی و ئێرانیش قۆڵێکن، ئەوەی کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی دەگوزەرێت شتێکی دیکەیە، بۆ نمونە رۆژی یەکەم و دووەمی هێرشەکان لە موسڵ داعش لە ناوچە کوردییەکان نزیك نەبوونەوە، مادام پارتی هاوکاری داعش دەکات دژی رۆژئاوای کوردستان، کەواتە زۆر ئاسایشە دژی مالیکی هاوکاری ئەو هێزەی کردبێت، بەڵام پێموایە ئەگەر بە قازانجیش بشکێتەوە بۆ کورد، پیلانێکی سیاسی ناشرینە.

ـ تۆ سیاسەتی کامیانت پێ راستە لەم قۆناغەدا، یەکێتی یان پارتی؟

* سیاسەتی یەکێتی لە پارتی باشترە، ئەوەی یەکێتی کردویەتی، ئەو ناوچانە چۆڵکراون، هێزەکانی مالیکی لێ نەماون، بۆچی لە جیاتی ئەو هەموو چەك و تەقەمەنییە بکەوێتە دەست داعش، بۆ کورد سودی لێ نەبینێ، بەڵام تا ئێستاش نازانرێت هەڵوێستی سیاسی حزبە کوردییەکان لە کوێدایە، ئایا مەبەستیان سەربەخۆییە، ئایا دەیانەوێت بەم هەنگاوە بە روونی سنوری کوردستان دیاری بکەن، یان دەیانەوێت جارێکی تر ئەوە وەکو خاڵێکی بەهێز لەبەرامبەر مالیکی و لە بەرامبەر حکومەتی داهاتووی ئێراق کە نازانین ئایا پێکدێت یان ڕێك نایات، بەکاری بهێنن لەسەر بابەتی بودجە و بابەتی پێشمەرگە و نەوت و ئەوانە.
خەڵکی کوردستان چاوەڕێ دەکات قوربانییەکە لە ئاست ئەوەدا بێت، هەر لە ئێستاوە سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکەن، بەڵام من پێموانییە سەرانی کورد بتوانن لەم هەلەدا سنوری کوردستان دیاری بکەن، هەر لە ئێستاوە پروپاگەندەی ئەوە ناو خەڵك بڵاودەکەنەوە، کە تورکیا رازی نییە، ئەمریکا رازی نییە، ئەوانە هەموو پروپاگەندەن، لە ساڵی "2003"ش دەیانتوانی سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکەن، خەڵك ئامادە بوو قوربانی بدات، ئێستاش خەڵك ئامادەیە قوربانی بدات، ئێستاش خەڵك ئامادەیە چەك هەڵبگرێت، دژی شیعەش و دژی سوننەش، بەڵام خەڵك ئامادە نییە لەسەر فرۆشتنی نەوت کە نازانی داهاتەکەی بۆ کوێ دەڕوات و دەچێتە گیرفانی کێوە قوربانی بدات.

ـ لە ئێستادا رایەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان هەیە، داوا دەکەن ئەو ناوچە کوردیانەی ئێستا لە دەست پێشمەرگەدان، جارێکی تر نەگەڕێنەوە، ئایا بە بۆچوونی تۆ سیاسیەکان هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە دەکەنەوە و دەیانگەڕێننەوە؟

* خۆ بارودۆخەکە گۆڕاوە، پێم ناخۆشە وا دەڵێم، بەڵام من لە سەرانی پارتی ئەوە نابینم کە بتوانن سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکەن، لێیان رانابینم.

ـ کەواتە بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات؟

* پێم وانییە داهاتووی هەرێمی کوردستان بەرەو شتێکی خراپ بڕوات، هاتا ئێستا بارودۆخەکە بۆ کورد باشە، ئەگەر بتوانن هەرێمی کوردستان جیابکەنەوە هەر باش دەبێت، ئەگەر بکەونەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەغداد جارێکی تر دەتوانن بەهێزەوە قسە بکەن، بەڵام هیوادارم ئەوەی یەکەم هەڵبژێرن کە گێرانەوەی هەموو خاکی داگیر کراوە.

ـ هەڵوێستی یەپەگە و کەجەکە چۆن دەبینیت بەرامبەر رووداوەکانی هەرێمی کوردستان؟
* هەڵوێستی یەپەگە و کەجەکە، هەڵوێستێکی زۆر نیشتمانییە و جێگەی دەستخۆشییە، هەڵوێستی ئەوان هەر لە سەرەتاوە نیشتمانی و نەتەوەییانە بووە، تەنانەت دوێنێ لەناو ئامەد خەڵك دەیانوت دەمانەوێت سنوری کوردستان دیاری بکرێت.
حزبەکانی رۆژهەڵاتیش هەڵوێستیان نیشاندا، کورد لە هەر چوار پارچەکە هاوران لەسەر ئەوەی کاتی ئەوە هاتووە هەرێمی کوردستان سنوری خۆی دیاری بکات و هەرێمێکی سەربەخۆی هەبێت.

ـ زۆر سوپاست دەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، ئەگەر لە کۆتایدا بتەوێت شتێکی دیکە بڵێی؟
* دووبارەی دەکەمەوە پێویستە دەسەڵاتی کوردی و حکومەتی هەرێم ئەگەری یەکەم هەڵبژێرن و سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکەن، بەڵام دڵنیا نیم لەوە.